## پەیڤی گۆڤار

ژمارەی ئەم جارەی (گۆڤاری گیرفان) لە گەرمەی کێشەی ئەنفال و دادگایی کردنی صدام و دار و دەستەکەی دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران ، بۆیە بە پێویستی دەزانین پەیڤی گۆڤارەکەمان پەیوەست بکەین بە کێشەی ئەنفالەوە:

**یەکەم/** هەمووومان دەزانین ئەنفال چەند کارەساتێکی هەرە سەخت و خوێناوی بوو ، کە تیایدا هەزاران کوردی بێ تاوان لە ژن و منداڵ و گەنج و پیر و پەکەوتە بەر ئەو کۆمەڵ کوژییە کەوتن و بەبێ کەسی و بەبێ لێپرسینەوە و بەبێ دادگایی کردن و بەبێ بەزەیی هەموویان شەهیدی بێ گۆڕ و بێ کفن بوون و هەندێکیشیان بەر دەستی سەگە ڕەشەکەی نوگرە سەلمان بوون ، ئەوەی خوا و مرۆڤایەتی پێی ناخۆشبێت ، کوردی ئەنفالکراو پێی کرا تا بە فرۆشتنی منداڵ و کچانمان دەگات.

**دووەم/** بە هەر جۆرە کوشتنێك ئەوەی ڕۆیشت و شەهیدبوون ، بەڵام ناخۆشتر لەوە کارەسات لەوە سەختر کەس و کاری قوربانییەکانی ئەنفالە ، ڕاستە مرۆڤ یەکجار دەمرێ ، بەڵام باوەڕتان هەبێ هەر چرکەیەك هەر ساتێکی ژیانی کەس و کاری قوربانییەکانی ئەنفال مردنێك بووە بۆیان ، دیسان ئەوەی خوا و



مرۆڤایەتی پێی ناخۆش بێ بەسەر کەس و کاری قوربانییەکانی ئەنفالدا هات ، ئەوەی بەسەر قوربانییەکانی ئەنفال و کەس و کارەکانیاندا هات بەسەر هیچ میللەتێك و بەسەر هیچ نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەم زەمینەدا نەهاتووە و ناشبێ.

**سێیەم/** چاوەڕوانی (١٨) ساڵەی کەسوکاری قوربانییەکانی ئەنفال دادگایی کردنی صدام و هاوڕێکانی لێکەوتەوە ، کە هەرچەندە بەشێکی زۆری کەسوکاری ئەنفالەکان بەو ئاواتەوە ، بە برینێکی قوڵەوە ، بە ئاهێکی ساردەوە سەریان نایەوە و صدام و تاوانبارانیان نەبینی لە نێو زیندان ، بەڵام خۆشبەختانە ئەمڕۆ وا دەبینین ئەنجامدەرانی سەرەکی تاوانی ئەنفال لە نێو قەفەسی لێپرسینەوەدان ، لەسەر تاوانی ئەنفال و ژنە نەخوێندەوارەکانی ئێمەن پەنجە دەکەن بە چاوی صدام و عەلی کیمیاویدا و داوای ماف و دادگایی کردنیان دەکەن ، ئەمەش بۆ ئێمە و بۆ کورد و بۆ کێشەی ئەنفال باشترین سەرکەوتن و باشترین هەنگاوی لە بارترە بۆ نەتەوەکەمان بەگشتی.

**چوارەم/** قەرەبووکردنەوەی کارەساتی ئەنفال و بە نێو دەوڵەتی کردنی ئەم کارەساتە لە ئاستی جیهان بەشێکی سەرەکی گێڕانەوەی کارەساتەکەیە بۆ هەموو ئاستە نشتیمانی و سیاسی و نەتەوایەتییەکەمان.


**پێنجەم/** لەگەڵ دادگایی کردنی صدام و داروودەستەکەیدا ، پێویستە ماڵەکانی ئەنفال ئاوەدان بکەنەوە و لایەك لە کەس و کاریان بکەنەوە و پێویستییەکانی ڕۆژانەیان بۆ دابین بکەن و



باری دەروونییان چارەسەر بکەن و دەستەگرۆی گەنجەکانیان بکەن لە هەموو بارەکانی ژیانەوە ، ڕاستە صدام ئەمڕۆ لە بەردەم دادگادایە ، ئەگەر قوربانییەکانیان نان نەبێ بیخۆن ، ئەگەر نەوتیان نەبێ ، ئەگەر غازیان نەبێ ، ئەگەر کارەبایان نەبێ ، ئەگەر لە ماڵێکی وێرانەدا ژیان بکەن ، چی لە دادگایی کردنیان بکەن ، باشتر وایە لەگەڵ دادگایی کردندا ، با حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەلە ئاوردانەوەیەکی تەواو پێشکەش بە کەس و کاری قوربانییەکانی ئەنفال بکەن تکایە.

**سەرنووسەر**





## چاوپێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ناخی خۆمدا

لەتیف هەڵمەت

بەشی دووەم و کۆتایی

جێی خۆشیەتی ئەوە بێنمەوە یاد ، کە لەئەنجامی گرانی بەرهەمە شاکارەکانی جیهانەوە گەلێ لەخوێنەرانی کورد لەهەموو ئاستەکانی خوێندندا ئاگاداری بەرهەمی هزری هزرمەندانی جیهان و شیعری شاعیرانی ناوداری جیهان و ڕۆمانی ڕۆماننووسە بەهرەمەندەکانی جیهان نین و لەبەرئەوە جاری وا هەیە نووسەرێکی زۆر بێ توانا کتێبێکی زۆر سەقەت دەربارەی ئایین یان دژە ئایین یان مێژوو یان کۆمەڵناسی یان بونیادگەری یان نوێگەری ... یاخود دیوانە شیعرێکی وێرانی پڕ لە لاسایی کردنەوەی کوێرانەی ئەوروپا بڵاودەکاتەوە ... یاخود ڕۆمانێکی درێژدادڕی بێ مەودا و ڕەهەندی دوور لە باروودۆخ و خەسڵەتە کوردستانییەکان دەخاتە بازاڕەوە ، وادەزانن بەرهەمێکی ناوازەیە و پێویست دەکات هەموو کوردێك بیانخوێنێتەوە و نازانێ دەیان کتێبی دی لەو جۆرە کە بە زمانەکانی دی نووسراون ، ئەمان لاساییان کردۆتەوە و گەدە و گیپاڵیان بۆ خۆیان دزیوە ، لەسەر